# جیهانبینی و دیدگای صافی هیرانی و ڕەنگدانەوەی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا

## (سروشت: ئاژەڵناسی و گەردووونناسی، وەک نموونە)

عومەر مەلا کەریم بەرزنجی- هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
(سلێمانی)
(٢- ٢)

**٢-٤ ئاژەڵ و شیعر**

مرۆڤ لە سروشتدا دراوسێی هەیە، ئاژەڵ و ڕووەک و دار و شاخ و دەریا و دیاردە سروشتییەکانی تر، ڕاستییەکەی جگە لەوەی بەرکەوتنی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا هەیە، لەگەڵ ئاژەڵ و دیاردە سروشتییەکانی تری دەوروبەریشی بەرکەوتنی هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە ئاژەڵەکان بۆ هێماسازی و سروشتخوازی لەناو شیعرەکاندا بەکاردەهێنرێن، بۆ پیشاندانی هەندێک بیرۆکە، هەست و تایبەتمەندی، بۆ گەیاندنی قووڵتری پەیام و تەوەری تایبەت و ورووژاندنی هەست و دروستکردنی پێوەندی. بە شێوەیەکی گشتی ئاژەڵەکانی وەک (گا، مانگا، مەڕ، بزن، شێر، ئەسپ، کەر، ئاسک، کەروێشک، تانجی، سەگ، مشک، حوشتر، مار، .... تاد) (چمە ١٤٠١).


چەند سوورەتێکی قورئانی پیرۆز بەناوی ئاژەڵانەوەیە، ئەوانیش: (النحل، البقرة، الفیل، العنکبوت، النمل، الانعام، العادیات، العلق)، هەروەها ئاژەڵان لە ٥٢ سوورەتی قورئان و ١٥٤ ئایەتدا باس کراون و چەند جارێکیش ناوی چەند ئاژەڵێک دووبارە بوونەتەوە، ئەوانیش (قەلەڕەش ٢ جار، ئەسپ ٥ جار، نەهەنگ ٤ جار، سەگ ٥ جار، جاڵجاڵۆکە ٢ جار)، لە سوورەتی (کەهف/ ئەشکەوت)یشدا کە ١١٠ ئایەتە، دوو جار و لە هەردوو ئایەتی (١٨ و ٢٢) ناوی سەگ هاتووە، هەروەها لە ئایەتی (١٧٦) ی سوورەتی (ئەعراف)یشدا ناوی سەگ هاتووە (پشتیوان ٢٠٢١، ٧٢). لە نێو ئاژەڵدا هێماسازیی سەگ Dog Symbolism بەکارهێنانێکی زۆری هەیە، چونکە سەگ گیاندارێکی بێ زوبانی، بێ زیانی، پێ بزانی، بەستەزمانە. لە ماڵێک کە پارچە نانێکی خوارد، ئیتر ئەو بەردەرگایە بەرنادات، یان کە پارچە کولێرەیەکی لە یەکێکەوە دەست کەوت، ئیتر بەجێی ناهێڵێ و کلکەلەقەی بۆ دەکات! بەڵکوو لەوانەیە کە خۆی بکات بە باڵاگەردانی، سەری بە قوربانی. لە گوندەکاندا

سەگ هاوەڵێکی بەوەفای مێگەل و شوانەکانە، ڕانەکان لە هەڕەشەی گورگ و دڕندەکانی دیکە و مرۆڤەکانیش لە هێرش و شاڵاوی دڕندەکان دەپارێزێت، هەر لەبەر ئەمەش سەگ هێمای بە وەفاییە، هێمای پارێزەری و ڕزگارکەرییە، هەرچەندە بە هێمای خراپیش بەکاردێت وەک لە بەرانبەر فرە بڵێیی و چەنەبازی و دەم درێژی دەکرێتە هێما (خاڵ ٢٠١١).

### ٢-٥ گەردوون و شیعر

پان و بەرینی ئاسمان و گەلەئەستێرەکان، درەوشانەوەی مانگ، هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر، هەستێکی سەرنجڕاکێش و ئارەزووخوازانەن کە مێشکی مرۆڤ دنەدەدەن، بەم هۆیەش لە زۆر لە بەرهەمە هونەری و وێژەییەکانی جیهاندا ڕەنگ دەدەنەوە، زانستی گەردوونناسیش کە یەکێکە لە زانستە کۆنەکانی مرۆڤ کاریگەری زۆرتر لەسەر ئەو دنەدان و سەرنجڕاکێشییە دروست دەکەن.

لە ماوەی چەندان سەدەدا، لە ڕێگەی چاودێری و ئەزموونی کەسییەوە، مرۆڤەکان پێشبینی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، ڕوودانی بوومەلەرزە، با، مانگگیران، خۆرگیران، بارانبارین، بەفربارین، سەهۆڵبەندان و.... تاد کردووە، هەر لەبەر ئەمەش گەردوونناسی و هەموو جوانییەکانی لەبەرهەمی زۆر لە شاعیران و نووسەراندا بە جوانی و ڕوونی نیشان دراوە (شەنوازی ١٣٩٩، ٢٣١ - ٢٣٢). (صافی)ش یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی کە وێنەی گەردوونی لە شیعرەکانیدا کێشاوە و بە یار و خۆشەویستەکەی بەراوردی کردووە. وردەخاڵی ڕوخساری یار بە ئەستێرەگەلی پەروین (پێرۆ) چواندووە، کە کۆمەڵەیەکی شەش ئەستێرەییە، یەکێکە لە نموونەکانی ڕەنگدانەوەی گەردوونناسی لەلای صافی.



صافی هیرانی

### ٣- بەشی دووەم
### جیهانبینی شیعری (صافی هیرانی)

دوای ئەوەی پوختەی ژیاننامەی صافی خرایە ڕوو، هێندەی پێوەندی بە جیهانبینییەوە هەبێت، هەروەها پێوەندی نێوان سروشت و شیعر کە دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و هەمیشە سروشت دنەدەری هۆش و ئاوەزی شاعیر بووە، ئەمەش باری دەروونی و کەشوهەوای شیعری سازکردووە و سرووشی نووسینی شیعر بووە. ماوەتەوە جیهانبینی صافی، لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە بسەلمێنرێت.

صافی لە ناوچەی خۆشناوەتی لە هیران، لە لانکەی بنەماڵەیەکی دیاری ئایینی، سەر بە ڕێ و ڕچەی سۆفیایەتی قادری لە دایک بووە و پەروەردە بووە، لای چەندان گەورە زانای کورد خوێندوویەتی، بۆ فێربوونی زۆرتر، زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە، زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی زانیوە و بە هەر سێ زمانیشیان شیعری بەردەستە. صافی وەک پێگەیشتوویەکی نێو حوجرە، تەواو بە زمان و وێژەی فارسی کاریگەر بووە (هیرانی ٢٠٠٤،

١١٠)، هەر بۆیە ڕۆشنبیری و جیهانبینی صافی بۆ خوێندنی حوجرە و مەدرەسە ئایینییەکانی ناو مزگەوت دەگەڕێتەوە (پیرۆت و قیتران ٢٠٢٠، ٣٤٠)، بەڵام کاریگەریی سروشتی جوانی هیران و ناوچەکانی تری کوردستان بەهۆی گەشت و گێلکردنی بەردەوامی شاعیرەوە هیچی لە کاریگەری حوجرە لەسەر جیهانبینی شاعیر کەمتر نەبووە.

زیندوویی هەر دەقێکی شیعری لە فراوانی جیهانبینی و تێڕوانین و دیدگەی شاعیردایە، دەقی زیندوو لێکدانەوەی فرەڕەهەند و جیاواز لەخۆ دەگرێت، جیهانبینی دنیای شیعری (صافی هیرانی)یش، جیهانبینییەکی فراوان و باڵندەییە، مانای ئەوەیە پێشتر پێوانە و بنەما و چوارچێوەیەکمان هەبووە بۆ ئەوەی ئەم دەقانە بە شیعر دابنێین، لەوەش زیاتر بە دەقی شیعری زیندوویان دابنێین، چونکە تەنیا دەقی زیندوو دەبێتە هەڵگری مانا و دەلالەت و پرسیار و جیهانبینی (قەرەداخی ٢٠٢٠، ٣). لیلاند ڕایکن، پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ویتن، وردتر لە بارەی جیهانبینییەوە دەنووسێت: (سادەترین ڕێگە بۆ بیرکردنەوە لە جیهانبینی لە ئەدەبدا ئەوەیە دەستنیشانی بکەین کە چ بەهایەک بۆ پێگەی باڵادەستی بەرز دەکرێتەوە، هەروەها ئەم بەهایە دەبێتە هێزێکی یەکگرتوو، بەجۆرێک هەموو لایەنەکانی ژیان لەڕووی ئەوەوە پێناسە دەکرێن. کانت یەکەم فەیلەسووفە کە زاراوەی جیهانبینی بەکار هێناوە، بەڵام دیلتای وەک چەمک مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و فراوانی کردووە. لای گۆڵدمان ئەم چەمکە وەک کایەیەکی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسیی ئەدەب جێی خۆی دەگرێت) (Ryken 2003).

کە چاو بە شیعرە کوردییەکانی (صافی هیرانی)دا دەخشێنین، بە ڕوونی کاریگەریی سروشت و خوێندنی حوجرە دەبینین. لە باری سروشتییەوە، چەندان هێماسازی و سروشتخوازی دەکەونە بەرچاو، ئەوانیش (بلبل، هەڵۆ، باز، شاهێن، کەو، پەروانە، ئاسک، مامز، سەگ، فیل، مار، ئەستێرەگەلی پەروین، گەردوون، فەلەک، ئاسمان، ڕۆژ، ماه، هیلال، مەدار، دەوران و چەرخ)ن، کە هەموویان دەکەونە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەوە، بەڵام چەند دانەیەکیان بە نموونە وەردەگرین، هەر لە باری سروشتییەوە چەندان هێماسازی و سروشتخوازی تر دەکەونە بەرچاو، ئەوانیش (لالە، وەنەوشە، خونچە، گوڵ، شەوبۆ، گوڵی شەوبۆ، گوڵزار، باخی گوڵ، گوڵی ڕەعنا، سێو، بەی، نێرگس، باخی سێو، خار، خۆخ، ....) کە بە هۆی گەشتوگەڕانی شاعیر و زۆرتر لە سروشت ڕامان بوونەتە جیهانبینی شاعیر. کاریگەری قورئان و خوێندنی حوجرەش فرە زۆرە بەسەر جیهانبینیی شاعیرەوە، بە جۆرێک ناوی پێغەمبەران و پیاوچاکان و ڕووداوەکانی نێو مێژووی ئیسلام و قورئانی کردووەتە هێماسازی و سروشتخوازی، ئەوانیش (ئادەم، عیسا، ئەحمەد، لوقمانی حەکیم، یووسف پەیامبەر، سلێمان، ئەیووب، فریشتە هارووت، فریشتە مارووت، فیردەوس، جەنەتولمەئوا، قەسری جینان، بیری کەنعان، زوڵەیخا، میحراب، حەرەم، قیامەت، شاهی گەیلانی، مستەفای شامی، شێخی سەنعان، ....)، هەموو ئەو هێماسازی و سروشتخوازییانەی کە دەمێننەوە، بۆ فەلسەفە و کولتوور و ئایینەکانی تر و مێژوو دەگەڕێنەوە، ئەوانیش (ئەفلاتوون، لەیلێ، مەجنوون، کەیخوسرەو، ئەسکەندەر، مانی، پیری موغان، دێر، کورە، بۆنسۆ، شەمع، کەباب، سەمەن، بوریان، مەی، مەیخانە، مەزە، سیحر،

جادوو، خاڵی هیندوو، ساز، عوود، نەی، بەرد، تەبیب، مەرهەم، داروو، جەیش، لەشکر، ئاش، تیفل، دەشتی ڕەی، حەنایی، کێوی دەماوەند، چەم، کانی، ڕەش، ....تاد).

گەردووناسی صافی هیرانی بە ڕوونی دەبینرێت کاتێک وردەخاڵی ڕوخساری یار بە ئەستێرەگەلی پەروین (پێرۆ) دەچوێنێت، کە کۆمەڵەیەکی شەش ئەستێرەییە، بە تەنیا خستنە ڕووی لێچوو و لەو چوو یەک نییە لە ڕووی جوانی و درەوشانەوەوە، بەڵکوو لە ڕووی ئاستی بەرزی و باڵاییشەوە بەراوردە لەگەڵ ئەوەی کە یار مرۆڤێکی سەر ڕووی زەوییە، کەچی لە جوانی و درەوشانەوە، تەنانەت بەرزی و بڵندیشدا هاوتای ئەستێرەکانی پەروینە. لە لایەکی دیکەشەوە شاعیر گەرەکێتی پێمان بڵێت کە چۆن بە درەوشانەوە و دەرکەوتنی پەروین لە شەوی تاردا دڵخۆش و خەنیمان دەکات و نوور و ڕووناکیمان پێ دەبەخشێت، وەهاش خاڵەکانی ڕوخساری یار ئارامبەخشە و دەروونی شاعیر ڕووناک دەکاتەوە، ئەگەرچی وەک ئەستێرەگەلەکەش دەستی پێی ڕانەگات، ئەمەش هێماسازی و سروشتخوازی شاعیرە لە پەنای گەردووناسی و ئەستێرەگەلی پەروینەوە.

سروشتناسی شاعیر لە نێو ئەستێرەناسی و باسوخواسی دەرەوەی زەوی قەتیس نابێت، بەڵکوو ئەم جارە؛ چاو و ڕوانینی یارەکەی بە چاوی باز (نسر، Eagle) وێنادەکات، ڕوانینێک لە بەرزییەوە بەرەو نزمی بە چاوە تیژەکانی کە توانایی و هەستی بینینی هەشت هێندەی بینینی مرۆڤەکانە، سەرنجدانێکی ڕاوچییانە، ڕاوچییەکی بریندارکەر. چاوی بازی یار، بەتەنیا لە ڕووی ڕوانینی بەرزەفڕانە و ڕاوچییانەوە نییە، بەڵکوو قەبارەی چاوی هەندێک لە بازەکان، دوو هێندەی چاوی مرۆڤە، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە شاعیر لەجیاتی چاو، ژێرپیاڵە و گەورە، لە پەسنی چاوە گەورە و جوانەکانی یاردا بەکار هێناوە. بەباز چواندنی یار دەشێت لەبەر تاقانەبوونی یار بووبێت، چونکە مێینەی زۆربەی زۆری جۆرەکانی باز، تەنیا دوو هێلکە دەکەن و دوای هاتنە دنیای دوو بێچوو لەم دوو هێلکەیەوە، بێچووە بەهێزەکە هێرش دەکاتە سەر بێچووە لاوازەکە و دەیکوژێت، بەمەش دەبێتە تاقانە و ئەمەش کارێکی ئاسایی و سروشتییە لەناو هەندێک لە گیانداران، دایک و باوکەکەش ڕێگرییان لێ ناکەن.

(چاوی بازی یار، بازی بە ئاهووی چین دەکا)، بازی یەکەم، دەبێتە باڵندەی باز و بازی دووەمیش، دەبێتە یاریکردن، یان گەمە و گاڵتە، لێرەیەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی زماننناسی شاعیر لە تەک سروشتناسییەکەی تەواو باڵا و بێ وێنەیە کە وردتر لە ئاهووی چین ڕادەمێنین، زۆرتر سەلیقە و وردێتی شاعیرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئاخر ئاهوو دەشێت ئاسک (مامز، الأيل، Deer) بێت، یان شاری ئانهووی چین بێت، کە پارێزگەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (چین)ـە و پایتەخت و گەورەترین شاری هیبێیە و ڕووبارەکانی یانگستی و هەوای جوانییەکی بێ وێنەیان پێ بەخشیوە، ئاماری دانیشتووانی بە زۆرتر لە ٦٣ ملیۆن دەخەمڵێنرێت، ئەگەر مەبەستی شاعیر ئاسک بێت، ئەوە چەندان جۆری جیاوازی ئاسک لە چین هەن و باوترین ئەو ئاسکانەی کە میسکیان لێوە بەرهەم دێت، لە چینن، کەواتە چاوی بازی یار، هێندە گەورە و جوان و شیرینە لەبەر دڵی شاعیر، یاری بە شاری ئانهوو، یان ئاسکی چین دەکات. لە دێڕی دواتر شاعیر باس لەو دۆخە باوەی نێو کۆمەڵگە دەکات کە خەنە گرتنە دەستە

به بۆنەی جەژنەوە، بەڵام یارەکەی ئەم، دێت و پەنجەکانی بە خوێنی دەڕازێنێتەوە و ڕەنگینی دەکات، لە جیاتی ئەوەی بە خەنە بینەخشێنێت (Pullanikkatil and Chilambo 2020)، (ROSSABI 2014).

لێرەدا، باز سروشتخوازی دڵخۆشییە و شاعیر حاڵ دەیگرێت و خەنی دەبێت، هەرچەندە وەک چۆن بازێک هێرش دەکاتە سەر نێچیرەکەی، یار هێرشیشی بکاتە سەر و برینداریشی بکات، ئەوە جێی دڵپەسەندییەتی و بە دەم برینەکەی و حاڵ لێهاتنییەوە زۆرترین چێژی سۆفییانە وەردەگرێت. هێماسازی و سروشتخوازی ئاهووش کە ئەگەر ئاسک بێت، یان شارێکی چین، ئەوە هەر دەبێتە هونەرێکی دیکەی جوانترکردن و بەهێزترکردنی شیعرەکە، ئەمانەش سروشتناسی بەهەردوو بەشی گەردووناسی و ئاژەڵناسییەوە ڕوون دەکەنەوە، جیهانبینی شاعیریش بە دیدگایەکی باڵندەییانە دەچەسپێنن، کەواتە سرووش و باری دەروونی و کەشوهەوای شیعریش هەر لە سروشتەوەیە.

**وردە خاڵی ئێستەکەش نازێ لەسەر پەروین دەکا**
**چاوی بازی دائیما بازی بە ئاهووی چین دەکا.**
**ڕۆژی جێژنە عادەتە دەستی حەنایی کا مەگەر**
**سا کە وا بێ دێ بە خوێنم پەنجەکەی ڕەنگین دەکا.**
(موکریانی ١٩٧٣، ١٤)

لەگەڵ ئەوەی باڵندە بە هۆی باڵەکانییەوە توانایی فڕینی هەیە، بەڵام شاعیر گوێ بەوە نادات کە یاری چاو باز ڕاوی دەکات و بە بەردەوامی لەسەر داری خۆشەویستی هەڵدەنیشێت، وەک ئەوەی توانایی فڕینی نەبێت، خۆ ئەگەر بشفڕێت، ئەوە هەر بۆ ئامێزی یار دێتەوە، چونکە یارەکەی دیسان ڕاوی دەکاتەوە، ئاخر یار کە باز بێت، باڵندەکانی تر بەئاسانی دەبنە نێچیری ئەم ڕاوکەرە بریندارکەرە بەهەڵمەتە. یاری باز ئاسا، نەک شاعیری باڵندە، بگرە ڕاوی شاهێنیش دەکات، کە جۆرێکی هەڵۆیە و بەخێراترین جۆری باڵندە ناسراوە، هەروەها بریندارکەرێکی بەهێزە و زۆریش ژیرە، ڕاوچییەکی فرە شارەزان، بۆیە لەلایەن مرۆڤە ڕاوچییەکانەوە ڕادەگیرێن، کەچی سەرباری ئەم هەموو تایبەتمەندییەی شاهێن لەلایەن یاری بازەوە ڕاودەکرێن و هێشتا هەر یار بەهێزترە.

مرۆڤێکی غەوارە ئەگەر مرۆڤێکی دیکە بکوژێت، ئەوە دەبێت خوێنبایی بدات، کەچی یاری شاعیر، شاعیر دەکوژێت، دەبێتە بکوژێکی پێچەوانە و لەجیاتی خوێنبایی، یارەکەی هێشتا خوێنباییش وەردەگرێت و وەرگرتنی مافی کوشتنی شاعیر دەخاتە پەنای خۆی (خریس ٢٠٠٩).

لێرەدا شاعیر هێماسازی باڵندە بە شێوەیەکی گشتی General Bird Symbolism، بۆ دڵ دەخوازێت، سروشتخوازییەکی دیکەش سازدەکات کە هێماسازیی شاهێنە بۆ دڵی شاعیر، بەمەش سروشتخوازی باز Eagle Metaphor بەهێزتر دەکات.

**تەیری دڵ لەم ناوە دەرناچێت و ئەو حەددی چییە**
**چونکە یارم بازێکە نەخچیری سەد شاهین دەکا.**
**حەقی کوشتەی خۆی ئەدا ئەغیار و ئەمما یاری من**
**قاتڵێکە دەیکوژێ، خوێنیشی لێ تەزمین دەکا.**
(موکریانی ١٩٧٣، ١٤)

یاری بکوژ کە مەرام و مەبەستی کوشتنی شاعیرە، بۆیە شاعیریش لە مەرگ بێباکە، هەر بۆیە وەک باز وێنای کرد، وەک گەلە ئەستێرەی پەروین خستییە ڕوو، کە چاوی باز و ئەستێرەگەلی پەروین هەردووکیان دوورکوژن، وەلێ کاتێک ئەم لە دوور دەرکەوتنەش نامێنێ و یار بەرچاو ناکەوێت، ئیدی هۆکارێک بۆ ئۆقرە و هێور بوونەوەی دەروون نامێنێتەوە، ئیدی جێهێشتنی یار دەبێتە برینی سەر دڵ و وردە

وردە قووڵ دەبێتەوە تا دەگاتە ئافەتی دەروون و جەستە و لە ئەنجامدا دەبێتە دەرد، بەڵام چ دەردێک؟ دەردێک کە دڵ دەخاتە ناڵە و لە دەرد و ژانی هیجرانا، ڕوخساری شاعیر سوور هەڵدەگەڕێنێت و لە دوورەوە دیار و درەوشاوەی دەکات، وەک خاڵەکانی ڕوخساری و ئەستێرەکانی ئاسمان، کەچی کەس بەم ڕوخسارەی شاعیر دڵخۆش نییە و چاوەڕێی دیداری ناکات، وەک چۆن هیچ کەسێ غەمگینی و نازی ناڵە ناڵەکەی هەڵناگرێت، ئیدی لێرەوە هیجرانی یار یەکسان دەبێت بە دووری ئەستێرەگەلی پەروین، دوورییەکی بێ درەوشانەوە و نادیار. جگە لەم وێنەسازییەی شاعیر لە نێو شیعرەکەدا، ئەوەش بەدی دەکەین کە شاعیر کەم تا زۆر لە زمانی پاڵەوی/ پەهلەویشدا شارەزا بووە کە بەهۆیەوە هیجرانی یار، بە دووری ڕەچەڵەکی وشەی پەروین یەکسان دەکات کە لە نێو زمانی پاڵەوی/ پەهلەویدایە، دوورییەکی هەزاران ساڵە (فرەوەشی ١٣٨١)، (ش. خاڵ ٢٠٠٥).

صافی گەرەکیەتی بە فرمێسکی چاوە کز و ماندووەکانی، چاوی لە چاوەڕوانی نەترووکاوی، تۆوی شادی و خۆشی بچێنێت، کەچی لە بەختی ئەو هەر غەم و ناسۆر دەڕوێت، بەمەش فرمێسکی دوایی نایەت، چونکە غەمێکی نوێتر سەردەردەکات لە تۆوی چێنراوی ئاودراو بە فرمێسکی شاعیرەوە. لێرەشدا، سروشتخوازی دەبێتە بەشێک لە شیعرەکە کاتێک (ئاوی چاو، شینکردنی خاشاکی غەم) بەکاردەهێنێت، ئەمەش هێماکردنی فرمێسکە بە ئاو، هەروەها سەوزکردن بە شینکردن، تا ببێتە هۆی ڕواندنی تۆوی شادی، کە ئەمانەش نیشانەی پەرۆشی و خۆشەویستی شاعیرە. سروشتناسیش لێرەدا ڕەنگی داوەتەوە کە بەرهەمی جیهانبینیی شاعیرە.

**گەر مەرامی کوشتنە یارم چ باکم بەسەر نییە**
**وا ئەسەف ئەمما، کە دامێنی بە من خوێنین دەکا.**
**زامی هیجران زۆر بە ئێشە هەر کەسێ نەیدیتووە**
**بێت و بنواڕی کە دڵ لەم دەردە چۆن ناڵین دەکا.**
**صافی تۆی شادی بە ئاوی چاو دەچێنێت و کەچی**
**چی بکا لەم تاڵیعە خاشاکی غەم وا شین دەکا.**
(موکریانی ١٩٧٣، ١٤)

هەندێک جار، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێماسازی و سروشتخوازی لە شیعرەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکوو بەهۆی فرەواتایی و فرە لێکدانەوەوە دروست دەبن، چونکە شاعیر لەلایەک یاری بە وشە دەکات و لەلایەک وێنەگەلی جیاواز دەکێشێت، داتاشین و گونجاندنی وشەگەلی زمانی کوردی و عەرەبی پێکەوە، لە جوانترین کارەکانی شاعیرە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر جیهانبینی و زانایی شاعیر لە وشەسازیی زمانی عەرەبی (سەرف) و کوردیشدا.

لەم شیعرەدا وشەی (عاریز) لەگەڵ ئاوازی شیعرەکەدا دەگونجێنێت، دوو واتایش بە شیعرەکە دەدات و لێکدانەوەی جیاواز لە ئاوەزی ڕاڤەکاردا دروست دەکات، ئاخر لەلایەک عاریز، ئاوابوونە، لەولاشەوە چواندنی یار بە ڕۆژ دەکاتە تەواوکەری واتای ئەم ئاوابوونە، ئەوەی ئاوا دەبێت یارە، بەڵام چ یارێک؟ یارێکی ڕۆژ ئاسا، کەواتە یار بە ڕۆژ هێماکراوە لە جوانی و دەرکەوتن و ڕۆشنکردنەوەی هەموو جیهان، نەک تەنیا دڵی شاعیر. لەلایەکی دیکەوە عاریز، ئەو یارە لە ڕۆژ چووەیە کە خۆی دەنوێنێ و بەلارولەنجەکەی دڵی شاعیر دەسووتێنێت و گڕ لە دەروونی بەردەدات. لێرەشەوە ڕۆژی عاریز دەکاتە سروشتخوازییەکی تەواو و پڕ بە واتای شیعرەکە. شاعیر لە وشەکانی زمانی کوردیشدا تەواو شارەزایە و ئەوەتا پەنا بۆ بەکارهێنانی ڕەگی چاوگی (سووتان/ سووتەی) دەبات، بەڵام هەر بە چاوگی دەیهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بیکاتە هاو

ئـاوازی (تابـووت).

لێـرەوە بـەوە دەگەیـن کـە شـاعیر بـە بوونـی بەرجەستەیی، یـان نەبوونـی یـار هـەر عاشـق بووە، ئیـدی عیشـقی خودایـی وەدەردەکەوێـت، ئاخـر دڵسـووتانێک بـە هـۆی خۆنواندنـی مەعشـووقەوە بێـت، یـان بـە هـۆی ئاوابوونـی یـارەوە، هـەر ئاگری عەشـقە، هەرچەنـدە لـەوەدا کـە داوادەکات بـە ئاگـری عیشـقەوە نەنێژرێـت، لێکدانـەوەی بـەوەی کـە عاریـز (Model)، یـاری دڵسـووتێنە بەلاروولەنجە و خۆنواندنـی لە ڕاستییەوە نزیکتـرە، ئەمـەش سروشـتخوازییەکی تـەواو هونەرییانەیـە کـە لـە لێکدانـەوەی فـرە واتـای شـیعرەکەوە بەرهـەم دێـت و جیاوازیشـە لـە سروشـتخوازییەکانی تـر، چونکـە چاوەڕێ دەکات کـە نەنێـژرێ و یاربێـت و ئـاوێ بـەم ئاگـرەدا بـکات، بـەڵام لەوێـوە کە سـوێند بـە خـودا دەخـوات بـەوەی ئاگری عیشـقەکەی نەک تەنیـا کفنەکـەی، بەڵکوو تابووتەکـەش گـڕدەدات و دەیکاتـە خۆڵەمێـش، ئەوەیـە کـە تـرس لەلایـەک و عیشـقی خودایـی لـە لاکـەی تـرەوە تێکـەڵ بـە ئـاوەز و خوێنـی شـاعیر و یـاری مـرۆڤ بوونـی نەمـاوە، بەڵکـە ئیدی بووەتـە یـاری خـودا، ئەمەش سروشـتخوازییەکی شـاراوەیە Hide Metaphor (مەنـزور ٢٠١٦)، کەواتـە سـرووش و بـاری دەروونی و کەشوهەوای شـیعریش بـۆ سـەرنجدانی گـەردوون دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش فراوانـی جیهانبینـی شـاعیر دەخاتـە ڕوو.

**ئەگەرچی دڵ بە ڕۆژی عاریزت سووت**

**بـەڵێ وا عادەتە بۆ عاشقی ڕووت.**

**نییە ئیحتیاجی پابەندیم بەقوربان**

**کە گیراوم بە داوی تاری گێسووت.**

**بە ناری عیشقەوە مەمنێژە جانا**

**دەسووتێنی بە بیللا کفن و تابووت.**

(موکریانی ١٩٧٣، ٢٠-٢١)

لـە نێـو شـیعرە کوردییەکانـی دیکـەی شـاعیردا، هێماسـازی و سروشـتخوازی بـە بەکارهێنانـی گـەردوون و ئـاژەڵان و باڵـداران بەرچـاو دەکـەون، کـە سـرووش و بـاری دەروونـی و کەشـوهەوای شـیعرییان بـۆ سروشـت دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش بـە فراوانـی جیهانبینـی شـاعیر دەخاتـە ڕوو، کـە ئـەم جیهانبینییـەش بەرهەمـی خوێندنـی حوجـرە و گەشـت و گێڵـی بـەردەوام و ڕامانـە لـە سروشـتی جوانـی کوردسـتان، لێـرەدا چەنـد نموونەیەکـی دیکـە، بـە بـێ شـیکردنەوە دەخەینـە ڕوو:

لێـرەدا، شـاعیر باڵندەکانـی (هەڵـۆ، شـاهین، باز، کـەو) دەکاتـە هێماسـازی و سروشـتخوازی و واتایەکی قـووڵ بـە شـیعرەکە دەبەخشـێت و دەیڕازێنێتـەوە:

**بۆ شکاری مورغی وەحشی، نەک هەڵۆ و شاهینم**

**عەشیقی چاوی بازی خۆمم، بۆیە ڕاوی کەو دەکەم.**

(موکریانی ١٩٧٣، ٢٥)

شـاعیر هەریـەک لـە وشـەکانی (ئەنـوەر، هیـلال، مەهـ، ئاهـوو، سـونبول) دەکاتـە هێماسـازی و سروشـتخوازی، هەرچەندە سادەش بن و ڕاستەوخۆ واتاکەیـان دیاربێـت، بـەڵام هیـچ لـە گەورەیـی و تایبەتمەندیـی جوانکاریـی شـیعرەکە ناگۆڕێـت:

**دڵبەری، نازپەروەری، ڕوو ئەنوەری، مەهپارەکەم**

**نەونیهال، ئەبرۆ هیلال، شیرین جەمال، نازدارەکەم.**

**مەهرووی، موشکین مووی، چاو ئاهووی سەحرای خوتەن**

**سوور گوڵە، موو سونبولە، ماهی پەری ڕوخسارەکەم.**

(موکریانی ١٩٧٣، ٢٦)

لـە شـیعرێکی دیکـەدا، شـاعیر هـەر یـەک لـە وشـەکانی (شـەمس، نوخـت) دەکاتـە هێماسـازی:

**ڕووی شەمسی شهودە و خاڵ نوختێکی سوەیدایە**

**لەم دوو ئەسەرە سافی، نووری بەسەرێکم بوو.**

(موکریانی ١٩٧٣، ٤٤)

**٤- ئەنجام**

لـە ئەنجامـی ئـەم توێژینەوەیـە و بەهـۆی ڕاڤـە و

لێکدانەوەی شیعرەکانی سافی هیرانی و بەراوردکردنی بە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دەقی شیعری لە ڕووی سروشتناسییەوە بۆ دیاریکردنی جیهانبینی و دیدگای شاعیر، بەو ئەنجامە گەیشتین کە:

١) سرووش و باری دەروونی و کەشوهەوای زۆربەی شیعرەکانی صافی لە سروشتەوەیە، کە هەر یەک لە هێماسازی و سروشتخوازیش ڕەنگدانەوەی سروشتن لە شیعری (صافی)دا.

٢) صافی شارەزاییەکی ورد و تەواوی دەربارەی سروشت و گەردووناسی، دنیای گیانداران و ئاژەڵان هەبووە، ئەمەش بەهۆی خوێندنی ئەو سەردەمەی حوجرەکانەوە بووە کە لە پاڵ نەحو و سەرف و بەلاغە و تەجوید و علوومی قورئان و علوومی حەدیسدا، زانستەکانی وەک نجووم و مەنتیق و کەلامیش خوێنراوە لەگەڵ ڕاڤەی قورئان کە شاعیری بە گەردوون و ئاژەڵان ئاشنا کردووە، هەروەها بەهۆی گەشت و گێڵی شاعیرەوە بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بۆ خوێندنی زۆرتر، شارەزایی و جیهانبینیی شاعیر فراوانتر بووە.

٣) صافی لە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسیدا دەستێکی باڵای هەبووە، بە جۆرێک ئەم زمانانەی بەکارهێناوە بە شێوەیەکی تێکەڵ و پێکەوەیی کە هیچ لەنگی و ناڕێکییەک لە ڕووی دەربڕین و ئاوازەوە بەدی ناکرێت. زۆر جاریش هێماسازی و سروشتخوازی لە وشەکانی هەر سێ زمانەکەوە هەڵبژاردووە و بەکاری هێناون.

٤) هەرچەندە شیعرەکانی صافی لە لایەنی عیرفان و خۆشەویستییەوە خۆی دەبینێتەوە، بەڵام بە جۆرێک وێنەسازی کردووە و هێماسازی و سروشتخوازی بەکارهێناوە کە هەندێ لە شیعرەکانی زۆرتر لە گریمانە و لێکدانەوەیەک هەڵبگرێت، ئەمە سەرەڕای دنیابینییەکی فراوان و ئاییندەناسییەکی ژیربێژیانە.

٥) صافی هیرانی خاوەن جیهانبینییەکی باڵا و فراوانە، کە هەم لە بەرزییەوە بۆ نزمی دەڕوانێت بە ڕووبەرێکی فراوان، هەم لە نزمیشەوە بۆ بەرزی دەڕوانێت، ئەمەش بەرهەمی سروشتناسی و پاشخانی زانستی و ڕۆشنبیریی شاعیرە.

## سەرچاوەکان

### أ- سەرچاوە ئینگلیزییەکان

(1) AHMED, AWADIA ALI ABD-AL GHANI. 2021. «Effects of Symbolism of Birds in British Romantic Poetry.» EUROPEAN ACADEMIC RESEARCH IX (3): 1801-1813.

(2) D›couto, Dr Roweena B. 2016. «The Role of Birds in English Literature and Poetry.» International Journal of Science and Research (IJSR) 5 (4): 1014-1015.

(3) Irmawati, Dr. Noer Doddy. 2014. «Understanding how to Analyze Poetry and its Implication to Language Teaching.» International Journal on Studies in English Language and Literature (IJSELL) 2 (11): 35-45.

(4) Johan, Irmawati M. 2019. «BIRD SYMBOLISM IN PERSIAN MYSTICISM POETRY.» International Review of Humanities Studies 4 (2): 695-716.

(5) kizi, Abdikhamidova Sevinch Obidjon. 2023. «THE DESCRIPTION OF NATURE IN UZBEK POETRY.» EURASIAN JOURNAL OF SOCIAL SCIENCES, PHILOSOPHY AND CULTURE 3 (12): 135-139.

(6) Mehri, Fateme. 2023. «The Nature of Parrot and Its Rhetorical Reflections in Persian Poetry.» Literary Text Research

27 (97): 405-439.

(7) Pullanikkatil, Deepa, and Matthews Chilambo. 2020. Bird Activity. WESM Zomba branch Press.

(8) ROSSABI, MORRIS. 2014. A HISTORY OF CHINA. Wiley Blackwell.

(9) Ryken, Leland. 2003. Realms of Gold: The Classics in Christian Perspective. Wipf and Stock.

(10) Sharma, Akash, and Ms. Vandana Chundawat. 2021. «ROLE OF NATURE IN ENGLISH POETRY.» International Journal of Education, Modern Management, Applied Science & Social Science (IJEMMASSS) 3 (4): 8-11.

(11) Sharma, Lok Raj. 2021. «Nature: A Recurrent Theme in Wordsworths Poetry.» Scholars International Journal of Linguistics and Literature 4 (3): 14-20.

(12) VINKER, YAEL, ANDREY VOYNOV, DANIEL COHEN-OR, and ARIEL SHAMIR. 2023. «Concept Decomposition for Visual Exploration and Inspiration.» ACM Trans. Graph 42 (6): 1-13.

**ب- سەرچاوە کوردییەکان**

(١) بەرزنجی، عومەر شێخ لەتیف. ٢٠٠٧، ڕەوشی حوجرە، هەولێر: چاپخانەی منارە.

(٢) بۆرەکەیی، دکتۆر سدیق، ٢٠٠٨، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

(٣) پیرۆت، بارزان عەلی و کاروان سەلیم قیتران، ٢٠٢٠، «کاریگەری حافزی شیرازی لەسەر سافی هیرانی»، سێیەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی، ٣٣١- ٣٤٩.

(٤) خاڵ، شێخ محەممەدی، ٢٠١١، ناڵەی دەروون، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

(٥) خاڵ، شێخ موحەمەدی، ٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

(٦) خەزنەدار، د. مارف. ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

(٧) زمزیرانی، سەیید مستەفا مەحموودیان، ١٣٨١، فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستان، تاران: نشر احسان.

(٨) گیوی موکریانی، ١٩٧٣، دیوانی صافی هیرانی، هەولیر: چاپخانەی کوردستان.

(٩) قەرەداخی، عەتا. ٢٠٢٠، گەڕان بە دوای جوانییەکان لە ڕووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

(١٠) محەمەد پشتیوان. ٢٠٢١، بزانە دەربارەی قورئان، سلێمانی: چاپەمەنیی ناوەندی سارا.

(١١) هیرانی، موحەمەدی مەلا موستەفای، ٢٠٠٤، دیوانی صافی، هەولێر: وەزارەتی پەروەردە.

**د-سەرچاوەی عەرەبی**

(١) خريس، ترجمة احمد، هيلين ماكدونالد. ٢٠٠٩، الصقر، ابو ظبي: ترجمة: مەنزور، ئیبن، ٢٠١٦، لسان العرب، القاهرة: دارولمەعاریف.

**ج- سەرچاوەی فارسی**

(١) شهنوازی، بهناز. ١٣٩٩، «بررسی تطبيقی جلوههای گوناگون خورشيد بر اساس نجوم قديم در اشعار نظامی و انعكاس ان در خمسه شا طهماسبی». هنری اسلامی ٣٨ (١٦): ٢٣٠-٢٤٤.

(٢) چمە، دكتر يوسف كرمی. ١٤٠١، «نمود جانوران در شعر فروغ فرخزاد.» تحليل و زيبايی شناسی متون ٣ (١٦): ٥-٢٥.

(٣) فرەوەشی، بەهرام. ١٣٨١، فرەنگی پهلوی. تاران: چاپ و ئینتیشاراتی دانیشگاهی تاران.